# تیرۆرکردنی ژن وئەو شەرمەزاریانەی رەش نابنەوە

-رۆژنامەی راسان –ژمارە (8) کانونی 2002 زایینی

ئا :دەرکەوت مەحمود

تیرۆرکردنی ژن لای تۆ جی ئەگەیەنیت ،بە تایبەتی تیرۆرکردنی ( جوان ئەبدولا)خوشکی خوالیخۆشبوو (مەهاباد ءەبدولا )کە بە هەمان شیوە تیرۆر کرا؟ئەم تاوانە چۆن هەلدەسەنگینیت لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتی یەوە؟

-بۆچی ریکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان سەرکەوتوو نەبوونە لەسەر درووست کردنی رای گشتی لەسەر تیرۆروگەیاندنی ئەم مەسەلەیە بۆئاستێکی بەرز؟

-گرتنەبەری ریگای گونجاوبۆبنەبڕکردنی تیرۆرلەلایەن دەزگاکانی ئاسایشەوە چییەوچۆن دەتوانریت سنورێک بۆ ئەم دیاردەیە دابنریت؟

-بەربلاوی لە دیاردەی تیرۆر لەپایەوبەهای دەسەلات و یاسا کەم ناکاتەوە لە کاتیکدا ئێمە خاوەن بریاری (59)ی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانین ؟

نەجیبە مەحمود

سکرتاریەتی کۆمەلەی ئافرەتانی کووردستان

-توندوتیژیو تیرۆر کارو کردەوەیەکە کە کەلە کۆمەلگاوە سەرچاوە دەگرێت دژبە مرۆڤایەتی کەلە لایەن تاکێک یان کۆمەلە کەسێک ئەنجام ئەدرێت بەرامبەر بە تاکەکەی تر ،جا هەر لە سووکایەتی پێ کردن ولێدان و بە کەم سەیر کردن تائەگاتە دوا پلە تیرۆر و رەشەکووژی یە ،ئەمەش لە وولاتی ئێمە زۆر بەربلاوە بە شێوەیەکی ترسناک بە هۆی ئەوکلتورەی بۆمان جێماوە،بە یەکێک لە خەسلەت و تایبەت مەندیەکانی خێزان دائەنرێت ورێگا نادرێت لە سنووری خێزان دەربچێت تا یاسا بە دووایدا بچێت وە لە هەموو لایەکیش شەرئێەتی پێدراوە لە ژێر بروبیانووی جۆراوجۆر،وە کلتوور و یاسا وئایین بوونە بە پالپشت بۆئەو زەبروززەنگەی کە هەیە ،کە هیچ جۆرە بوارێک بۆلێبوردن و پێکەوە ژیان قبول ناکات،یان ژێردەستە وچەوساوە ئەبیت یا ئاوا سەر کوت ئەکرێت بۆپابەند بوون.

پیم وابوو کە تیرۆرکردنی (مەهاباد) درێژە پێدەری ئەوتوندوتیژیو تاوانانەی تربوو کە ئەنجامدراوە ،بەلام ئەوەی کەوای کرد بۆچوونم بگۆرێت دووبارە بوونەوەی ئەم تاوانانە بەرامبەر بە هەمان خیزان کە ئەمە بە کارێکی ئاسایی سەیر ناکرێت ،ئەگەر هەرجۆرە پاساوێکی هەبێت ،ناگاتە ئەوەی هیچ کەسێک ماف بە خۆی بدات مافی ژیان لە مرۆڤێکی تر بسەنێتەوە ، لە بەر ئەوە ی هەر کس خۆی بەرپرسە بەرامبەر بە هەلسوکەوتی خۆی ،کەسێکی تربۆی نیە بەشداری بکات لە دیاری کردنی هەلسو کەوت لە ژیانی کەسێکی تردا ،تەنها لە کاتی هەڵە یاخود سازدانی تاوانێک کە ئەویش پێویستە یاسا رۆڵی خۆی ببێنێت.

-پێم وایە بەشێک لە رێکخراوەکان بە تایبەت ئەوانەی ناوەندی هاوبەش کاری باشیان ئەنجام داوە بۆ ئەوەی بە دواچوونی تەواووبۆ کیشەکە بکەن و ببنە فشار لەسەر دەسەڵات و دادگا ،بۆ ئەوەی بە دواداچونی تەواو هەبێت وتاوانباران دەستنیشان بکرێن و سزای یاسای خۆیان وەربگرن ئەوە جگە لەوەی کۆمەلێ بەرنامەی تریان هەیە سەبارەت بەم کێشەیە وەک مێزگرد و کۆکردنەوەی ئیمزا.

پێویستە پالپشتی تەواوی هەوڵی رێکخراوەکان بکرێت، من نەک هەر دەزگاکانی ئاسایش بەلکو لایەنە سیاسیەکان وکەسانی رۆشنبیرو و رێکخراوەکانی تری ژنانیش کە کاریان بۆ نەکردوە بە بەرپرس ئەزانم ،کە بێ دەنگی لەسەر ئەم مەسەلەیە خزمەت بە بەرژەوەندی بزووتنەوەی ئافرەتان و بنەبڕ کردنی تیرۆر ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا دەزگاکانی ئاسایش بە پلەی یەکەم بەرپرسە بەتایبەت کە ئێستا کێشەکەچۆتە ئاسایش ،پێویستە بە دواداچونێکی تەواولەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن ،تاوانباران دەست نیشان بکرێت و لە دادگای ئادیلانە دادگای بکرێن،نەک

دالّدەی تاوانباران بدرێت،یاخود پەیوەندیە شەخسیە کان کێشەکەی بێچارەسەر بمێنێتەوە و مەلەفی دۆزەکەی بپێچرێتەوە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی بگاتە ئەنجام پێم وایە نەک لە بەرژەوەندی دەسەلآت و ئاسایش دانی یە بەلکو ئەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانەی جەماوەرو هاوڵاتیان بۆ نمونەش گەروا نە بوایە ماڵی باوکی مهاباد شاری سلێمانیان جێ نەئەهێشت ،گەر بۆتیرۆر کردنی مهاباد بەدواداچون هەبوایە وتاوانباران دەسنیشان بکرایە و سزای خۆی وەربگرتادایە بە دڵنیایەوە دوبارە نە ئەبۆوە کە دەستی تاوانباران بگاتە ناو خێزانەوە بە بۆچونی من ئەمەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ئەبێتە مایەی هاندانی تاکەکانی کۆمەلگا بۆیەک لاکردنەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنی پەنا بەرێتە بەرئەنجامدانی تیرۆروتوندوتیژی ومانەوەوچەق بەستنی ئەو بارودۆخەو پا بەند نەبوون بە یاسا لە کوردستاندا،بەتایبەت کە ئیستا خاوەنی بریاری (59)ین وبانگەشەی زۆری بۆ کرا لە راگەیاندنەکان وەلە سەرجەم دەزگا بەرپرس و پەیوەندیدارەکان گفتووگۆ لەسەر جێ بەجێ کردنێ ئەکرێ.

---

# تەنها وتاری هاوبەش لەسەر بنەمای خەمە هاوبەشەکان، بەبێ گویدانە بیرو رای جیاواز ،ئەتوانێ بزوتنەوەیەکی راستەقینەی یەکگرتووی ئافرەتانی لی بەرهەم بیت *

نەجیبە مەحموود

دیارە لە پیش راپەرین ئافرەتان لە ژیر دەسەلاتی ئەم رژیمە دووچاری کوشتن وراوەدونان وچەوسانەوەی رەگەزیوئەتک کردن وسوکایەتی پیکردن بونەتەوە ،بۆیە ئیمە بەبایەخەوە تیکۆشانی سەخت وژیانی پر لە کولەمەرگی ئافرەتانی کوردستان دەنرنخینین کە بە دەستی رژیمی دیکتاتۆری روخاو دوو چاری ئازارو مەینەتی وژیانی پر لە کویرەوەری کولەمەرگی هاتووە ورۆلی بەرچاوو کاراو کاریگەر بووە لەم بوارەشدا قوربانی زۆریان داوە ،وەچ لە ناو شارەکان لە کاری نهینی یان لە چیاکان وەک پیشمەرگە ویان لە بەشداری کردنی چالاکیەکان لە راپەرینی ئازاری سالی 1991 کەئافرەتان توانیان زۆر بەفراوانی بەشداری رامالین وبنەبر کردنی بەعسیەکان بکەن .

دوای روخانی رژیمی دیکتاتۆریش دۆخیکی نوی هاتە ئاراوە و زەمینەیەکی لەبار بۆ تیکۆشانمان دروست بوو وگەلیک گۆرانکاری لە ژیانی خەلکی کوردستاندا کرا هەر لە رزگار کردنی کوردستان –هەلبژردنی پەرلەمان ودروست بوونی ریکخراوی نوآی ئافرەتان وژنان ولە ریگەی کاروچالاکی ریکخراوەکانی کوردستان لەدوای راپەرین کیشەکان زیاتر زەق بووە ئەویش وەک توندوتیژی –تیرۆرو پیشیلکردنی مافەکانمان ،وە بۆ بە دەنگەوە چوونی کیشەکان چەند کاریکی هاوبەش لە نیوان ریکخراوەکانی ئافرەتانو ژنان ئەنجام درا لەم پیناوەشدا چەندین دەستەو گروپ پیک هات لەوانە (دەستەی گۆرینی یاساکانی باری کەسیتی )-(دەستەی داکۆکی لە کەژال خدر )-(دەستەی داکۆکی کردن و وەستانەوە لە دژی تیرۆر کردنی ێبحیە عبداللە نادر ز.....هتد ) لە میانەی راپەراندنی کارەکان بە هۆی پەرت بوونی ریکخراوەکان و نەبوونی ووتاری هاوبەش کاری دەستەکان بەسست وکاتی زۆر بە بآ ئەنجامیکی کاریگەر

بەرەو هەلوەشانەوە دەرۆیشت ،بۆیەریکخراوەکان لە روانگەی هەست کردن بە لیپرسراوەتی لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەی ئافرەتان لە کوردستاندا بیرکرایەوە کە پیویستیمان بەمیکانزمی نوآ وبەرنامەی نوآ وجموجۆل و چالاکی بەرچاو هەیە بۆ ئەوەی ئافرەتان رۆلی کارا لە سیستەمی ئایندەی سیاسی کوردستان بگیرن و ئەرکەکانی سەرشانمان گەلیکە وپیویستیمان بە هوشیاری و خەباتی بیوچانە بە مەبەستی پتەو کردنی پیگەی ئافرەتان لە کۆمەلگای کوردستاندا ئەم تیکوشانیکی سیاسی کۆمەلایەتیە دژی داب ونەریتە کۆنەپەرستان و کۆمەلی پیاوسلاری ،بەلکو تیکۆشانیکی فکری و رۆشنبیری ئالۆز و دژوارە بەهۆی دواکەوویی کۆمەلگاکەمان ویاسا باوەکانی سەرچاوەی چەوساندنەوەی ئافرەتانن ،بۆیە پیویستە خەباتە سەختەکەمان هەمەلایەنی و فراوانتر بکەین لە پیناو باشکردنی ژیان وگوزەرانی ئافرەتان ودەستەبەرکردنی مافەکانمان ، بۆ ئەو مەبەستەش لە رۆژی 17 /3 /1998 ریکخراوەکان کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام دا بۆ پیکهینانی دەستەیەکی هاوبەش و بەردەوام لە پیناو دروست بوونی بزوتنەوەیەکی راستەقینە کە ببیتە چەتریک سەرجەم ریکخراوەکانی ئافرەتان وژنان وکەسایەتیەکان کە بیروراى جیاواز ی سیاسی و چینایەتی و ئاینی لە خۆگرآ ، واتە قبول کردنی بیروراى جیاواز ئەبیتە هۆی گۆرانکاری لەبەر ەوپیش بردنی بزوتنەوەکە و نوینەرایەتی کردنیان لە ریگەی دروست بوونی ووتاری هاوبەش و فشار خستنە سەر دەسەلات و کۆمەلگا بەمەستی گۆرانکاری ریشەیی وسەرتاسەری لە کوردستاندا و ئەوە بوو لە 1998/5/20 بەیاننامەی راگەیاندنی خۆی بلاوکردەوە لە ژیر ناوی (ناوەندی هاوبەش ) پەرەی بە خەبات دا .

هەروەها لە سالی 1999 پەیوەندی کرا بە ریکخراوەکانی شاری هەولیر بۆ هەولدان لە پیناو دروست بوونی ناوەندی هاوبەش و بەهیزکردنی پەیوەندییەکان لە کاتیکدا بارودۆخی سیاسی لە بار نەبوو وکوردستان دابەش کرابوو بەسەر دوو ئیدارە و خۆشبەختانە لە سالی (200 ) دا ناوەندی هاوبەش لە هەولیر دروست بوو لە بۆنەی 8ی مارس کارو چالاکیەکان بە هاوبەشی ئەنجامدرا لە سەر ئاستی کوردستان لە ژیر یەک دروشم داو لە دوای چەند دانیشتنیک و دەولەمەندکردنی گفتوگۆکان هەردوو ناوەند لە کارو چالاکی جۆر بە جۆر بە تایبەت لەم بوارانەدا :

1/ کارکردن بۆ گۆرینی یاسا یی باری کەسیتی ودانانی ئەلتەرناتیفیک بە یاسایەک کە شایستەی مرۆفی سەردەم بیت .

2/ هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەل بەگشتی و ئافرەت بە تایبەتی .

3/ وەستاندنەوە لە دژی هەر جۆرە تیرۆرو توندو تیژی و پیشیلکاریەک لە بەرامبەر بە ژنان .

4/ هەولدان بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ سازدانی کۆنفرانسیکی سەر تاسەری بۆ دانانی بەرنامەی کارو پەیرەوو پرۆگرام .

لەگەل ئەوەی ئەتوانم بلیم دروست بوونی ناوەندی هاوبەش هەنگاویکە نەک ئەلتەرناتیفیک بۆ بزوتنەوەیەکی ئافرەتان کە ئەمەش بە هەول و کۆششی سەرجەم ریکخراوە یەکسانخوازەکان و پشتگیری کەسایەتییە رۆشنبیرەکانی کوردستان دەبآ و بەردەوام بوون و فراوان کردنی کارو چالاکیە کان بۆ قۆناغ و خەباتی ئەمرۆی ریکخراوەکان گرنگیەک و تایبەتیەکی خۆی هەیە بۆ ووشیار کردنەوەی ئافرەتان بە کیشەکانی خۆیان و رەخساندنی هەل ومەرجی گونجاو وگۆرانکاری لە کۆمەلگای کوردەواریدا .

ناتوانرآ نکۆلی لەوە بکرآ کە پابەند بوونی ریکخراوەکان بە حزبەکانەوە زیان بە مەسەلە جەوهەرییەکان دەگەیەنآ ، هەر چەندە لە بنە رەتدا زەرووەرەتیک ریکخراوەکانی ئافرەتانی دروست نەکردوە ، بەلکو پەیوەندی هەبووە بە پارتە سیاسیەکانەوە جگە لە نەبونی بنە مایەکی ئابووری سەربخۆ ، بۆیە دەرچون لەم واقیعە کاریکی ئاسان نی یە ئەمەش پیویستی بە تیکۆشان و بەشداری کردنی سەرجەم ئافرەتان هەیە لە بوارەکانی ژیاندا .

ئەبآ ریکخراوی ئافرەتان سەربەخۆ بیت لە بریار و جآبەجآ کردنی ئەرک وکارەکان ،چونکە ریکخراوی ئافرەتان بەرفراوانترە لە کاری حزبی وئەرکەکانی جیاوازترە وسنور دار نیە ، بەلام مەرج نیە ئافرەتەکانی ناو ریکخراوەکان سەربەخۆ بن یان خاوەنی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیایەک نەبن ، بەلام ئافرەتان ئەتوانن بە پیآ ئەو ئا یدۆلۆژیا یە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئافرەتان بکەن دیدوبۆچونیان چۆنە و چۆن ئەروانئە مەسەلەی ژنان .

وە ئەتوانم بلیم تەنها ووتاری هاوبەش لەسەر بنەمای خەمە هاوبەشەکان بەبآ گۆیدانە بیروڕای جیاواز ئەتوانآ بزوتنەوەیەکی راستەقینەی یەکگرتووی لی بەرهەم بیت کە هەلقولاوی هەلومەرجی واقعی ئافرەتان بیت لەو ریگایەوە دەستەبەری مافەکانمان بکەین ،نمونەشمان یەکیک لەدەست پیشخەری کارەکانی ناوەندی هاوبەش ریپیوان بۆ ئیلغا کردنەوەی بریاری (111 ) وەدەرکردنی بریاری (59) ویاسای (62 )لەگەل تیبینیەکانمان لەسەر یاسای (62) لەگەلئەوەشدا بەدەستکەوتیکی ئەو ناوەندی هاوبەشە دەژمیردرآ،بۆیە سەربەخۆیی کارەکانمان گاریگەری ئەبآ لەسەر رەوتی کارەکان ،بۆیە پیویستە بەم شیوەیە کاربکریت :

1-ریکخراوەکان توانای بریاردانیان هەبیت .

2-ریکخراوەکان هووشیار بن لە بەرامبەر کاری سیاسی و ریکخراوەیی .

3-کارکردن بۆ بەدیهینانی سیستمی دیموکراتی و کۆمەلگای مەدەنی کە دەورو کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر بوارەکانی (کۆمەلایەتی –ئابوری –یاسایی –رۆشنبیری ......هتد).

4-پیویستیمان بە هەماهەنگی ویەکخستنی ریزەکان و ووزە و تواناکانمان هەیە دوور لە بەرژەوەندی تەسکی ریکخراوەیی و حزبی لە پیناو دەستەبەر کردنی مافە رەواکانمان .

5-بوونی راگەیاندنیکی تایبەت وسەربەخۆ بۆ ئەم قۆناغە گرنگی خۆی هەیە .

6-پیویستە بریار و پیشنیارەکانی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئافرەتان ئەکات بکرین بەبەرنامەی کاری ئایندەمان بۆ فراوانکردنی هەماهەنگیمان . 3

-یەکیک لە کارە هاوبەشە گرنگەکان کار کردن لەدژی بریاری بریاری 18 /8 کە بووە بە بریار بۆ رۆژی ژنانی عیراق ، بۆ ئەم مەبەستەش یاداشتنامەیەک درا بە ئەنجومەنی حوکمی عیراق و چەندەها ئیمزا کۆکرایەوە بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بریارە ...................

ئەم بابەتە لە کۆنفرانسی (ژن وبەشداری سیاسی ) پیشکەش کرا کە لە رۆژانی (22-23 /10 /2003 لە هۆلی راپەرین –زانکۆی سلیمانی سازدرا .

ئەم بابەتە لە رۆژنامەی (بەرگری ژمارە 72 تشرین یەکەم 2003 ) بلاوکراوەتەوە

# ئەركی ژنانی خاوەن پۆست ...............!!!

نەجیبە مەحموود

ئاشكرا یە كەریكخراوو كەسایەتی یە كانی ژنان لە خەبات كردن چ بۆ رزگار كردنی خاك و نیشتیمان وچ لە دژی چەوسانەوەی مرۆف لە لایەن مرۆڤەوە بآ وچان تآ كۆشاون لە پیناو بنیادنانی كۆمەلگەیەكی ئازاد و دیموكراتدا .ونمونەشمان ئەوەیە كە لە هەموو گۆرانكارییە سیاسی وكۆمەلایەتی و ئابوری و رۆشنبیری و یاسا یی یەكاندا ئەو ریكخراوانە رۆلی باشیان هەبوە گەرچی لە ئاستی خواستی ژنان نەبوە و دەنگیكی لاواز بوە لەئاست زوولم و زۆرییەكان دا ،لەگەل ئەوەشدا ئەم رۆلەیان وای كردوە كە بەرپرسان وحزبە سیاسیە كان و دەسەلات ناچار بكرین تا ریژەی 25%ی پۆستەكان بدریت بە ژنان .ئەمەش سەرەرای سلبیاتەكانی ئەو ریژەیە كە من راو بۆچونی خۆم هەیە لە سەری ،

بەلام وەک هەنگاویكی سەرەتا یی وگۆرینی تآروانینی كۆمەلگە بەرامبەر بە ژن لە رووی مافە سیاسیەكانەوە ،ئاوردانەوەیەک بوو لە چاك كردنی بارودۆخی ژنان و بەشداری پآ كردنی ژنان لەوەرگرتنی پۆستە بالاكانی داموو دەزگا حكومی وسیاسیەكاندا ،كە ئەمەش خۆی لە خۆی دا گرنگی دانە بە رەوتی بە رەوپیش بردنی بزوتنەوەی ژنان لە كوردستان و عیراق .

لەم بارو دۆخە دا ژنانیكی باش هەن كە ئەو پۆستانەیان وەرگرتووە وئەتوانن لەوآ وە هەنگاو بنین بەرەو وگۆرانكاری یەكان لە سەر هەموو ئاستەكانی (یاسایی ،سیاسی ،كۆمەلایەتی ،ئابوری ،رۆشنبیری ،هونەری ،........هتد ،.

دیارە ئەم هەنگاوەش لە بارودۆخی ئیستادا كاریكی ئاسان نی یە بۆیە پیویستە ئەو ژنانە بە هەماهەنگی لە گەل ریكخراوەكانی ژنان كۆبونەوەی بەردەوامی ناو بەناوی خۆیان سازبدەن بە مەستی گرنگیدان بە بەرەوپیش بردنی بزوتنەوەی ژنان لە كوردستان دا بە تایبەتی وعیراق بە گشتی ،وە هەولدان بۆ گواستنەوەی ئەزموونی خەباتی چەند سالەی ژنانی كوردستان بۆ عیراق وە سود وەرگرتن لەو ئەزموونە .

بۆ ئەو مەبەستە ش كۆمەلی ئەرک ئەكەویتە ئەستۆی ئەو ژنانەی كە پۆستیان وەرگرتووە ،چونكە ئەبی ئەوە لە یاد نەكریت كە وەرگرتنی ئەو پۆستانە لە سەر بنەمای خواست وداوا وخەباتی بزوتنەوەی ژنان بووە بۆیە مەرجە ئەو ژنانە بە بیركردنەوە یەكی ژنانە كار بكەن وسەیری مەسەلەكان بكەن چونكە ئەوژنانە دووئەركیان ئەكەویتە ئەستۆ...

ئیستا وەک ئەركیكی ی هەنوكەیی ئەو ژنانە لە پیناو گۆرانكارییە كانی ( كلتوری ،یاسایی ،سیاسی ، رۆشنبیری ،..........هتد .پیویستە رەچاوی ئەم خالانەی لای خواروە بكەن .

1

1- پیویستە لە نیوان ژنان دا هاوپەیمانییەک دروست بكریت كە هەموو چین وتویژە سیاسی ونەتەوە یەكانی وولات لە خۆ بگریت وناكۆكیە كان وە لابنریت بۆ كار ئاسانی لە پیناو داكۆكی كردن لە خالە هاوبەشەكان ، بە تا یبەت ما فەكانی ژنان لە هەموو ئاستەكانی ژیاندا.

2- پیک هینانی لیژنەیەک بۆ چاودیری كردنی پیشیلكارییە كان بەرامبەر بە مافەكانی ژنان لە سەرجەم دام و دەزگاحكومی وحزبیەكا ندا.

3-دانانی پلان و ستراتیجیک بۆ گۆرینی شیوازەكانی هەلسوكەوتە كۆمەلایەتی وكلتوریەكان بە شیوازیک كە كار بكریت لە پیناو نەهیشتنی هەموو جۆرە جیاكاریەک لە نیوان ژن وپیاو دا ،ونەهیشتنی هیچ جۆرە بەند و یاسا یەک كە رەوایەتی ئەدات بە بالادەستی پیاو بە سەر ژن دا .

4-گۆرینی هەموو ئەو پرۆگرامانەی كە لە قوتابخانە كان دا ئەخویندریت وە بە تایبەت ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە جیاكاری كردن لە نیوان نیر ومآ وە هەیە .

5-زیاتر هەولدان بۆ گرنگی دان بە بوارە جیا جیا كان ورۆلی قوتابخانەكان لە دروست كردنی كەسایەتی قوتابی .

6-گرنکی دان و دان نان به رۆلی ژن له خیزان دا ، وه به ر پرسیاریتی له گورانکارییه کۆمه‌لایه‌تی یه‌کان وه‌ک یه‌ک بخرینه ئه‌ستۆی ژن وپیاو به بآ جیاوازی له په‌روه‌رده کردنی مندالدا.
7-به خیوو کردنی منال نه‌ک ته‌نها به ئه‌رکی ژن دابنریت ،به‌لکو بکریت به ئه‌رکیکی کۆمه‌لایه‌تی و ده‌وله‌تیش به‌رپرس بیت له‌په‌روه‌رده کردنی به‌ر پرس بیت نوسینی .

ئه‌م بابه‌ته له رۆژنامه‌ی (کوردستانی نوآ ) ژماره ( 3763 ) چوارشه‌مه 31/8 /2005 بلاو کراوه‌ته‌وه .

---

# له‌باره‌ی فره ژنییه‌وه

نه‌جیبه مه‌حمود .

په‌سه‌ند کردنی یاسایی فره‌ژنی له په‌رله‌مانی کوردستان جگه له دانانی ئاسه‌واری سلبی له‌سه‌ر داهاتووی کۆمه‌لگای کوردی و حکومه‌تی هه‌ریمی کوردستان ،له هه‌مان کاتدا ئه‌وه نیشان ئه‌دات تاکوو ئێستا ده‌سه‌لاتی کوردی مزایه‌ده‌ی له‌سه‌ر مه‌سه‌له‌ی ژنان کردوه ،نه‌ک بروای به یه‌کسانی نێوان ژن و پیاو هه‌بێت ،وه ژن وه‌ک مرۆڤ سه‌یر بکات ،که ئه‌مه‌ش بۆ خۆی پێویستی به هه‌لوێسته له‌سه‌ر کردنه ،ئایا جاران ئه‌گه‌ر ژنان له ژێر برو بیانووی کێشه سیاسی نه‌ته‌وایه‌تی ونیشتمانییه‌کان که‌متر پێ یان له‌سه‌ر مه‌سه‌له هه‌ستیاره‌کانی تایبه‌ت به ماڤه یاساییه‌کانی ژنان داگرتووه ،ئێستا له سه‌ر چ بنه‌مایه‌ک یاخود له ژێر چ برووبیانویه‌ک ژنانی ناو حزبه‌کان ،په‌رله‌مان ،حکومه‌ت ،قبولی ئه‌و پێشێلکارییانه ئه‌که‌ن،که به به‌رنامه کار له‌سه‌ر په‌سه‌ند کردنی یاسای فره‌ژنی بکرێت . هه‌موو ئه‌زانیین یاسای فره‌ژنی یاسایه‌که بۆ گه‌شه پێدانی توندو تیژیو کێشه‌کانی ده‌رونی و یاساییو کۆمه‌لایه‌تی له دژی ژنان.،بۆیه به دلنیاییه‌وه قه‌د ده‌سه‌لاتێک و حکومه‌تێک به حکومه‌تی خۆم نازانم که به به‌رنامه کار بکات له‌سه‌ر پیشێل کردنی ماڤه‌کانی منی ژن ، و ژنیشی هێناوه به‌شداری پێئه‌کات له‌و پرۆسه‌یه . که پێویست هه‌موو ژنێک وا سه‌یری ئه‌و ده‌سه‌لاته بکات . په‌سه‌ند کردنی یاسای فره ژنی له په‌رله‌مان له پێش هه‌موو شتێک ئه‌وه گوزارش له عه‌قلییه‌تی ده‌سه‌لات و په‌رله‌مان ئه‌کات ،که له ناو جوانترین باله‌خانه به عقلیه‌تێکی خێله‌کی بریار له‌سه‌ر جاره‌نوسی به‌شێکی کۆمه‌لگا ئه‌درێت که ئه‌ویش ژنانن ،وه هه‌ر ژنانیش بوون شان به شانی پیاوان له کاری سیاسی وکۆمه‌لایه‌تی ورۆشنبێری دا ئه‌م رۆژه‌یان هێنایه کایه که ئه‌وان ئێستا به‌رهه‌مه‌که‌ی ئه‌خۆن .

هه‌لبه‌ته ناتوانم بلێم هه‌موو ژنه‌کانی په‌رله‌مان بێ ئاگا بوون ، یاخوود به یه‌ک چاو سه‌یری هه‌موان بکرێت ،به‌لام ئه‌وه‌ش شتێکی حاشا هه‌لنه‌گره ئه‌گه‌ر هه‌موو ژنه‌کان هه‌لوێست و رایان هه‌بوایه ،به دلنیاییه‌وه ئه‌یان توانی کاریگه‌ریان هه‌بوایه ،نه‌ک بلێن ئێمه قبول ناکه‌ین ژنمان به‌سه‌ر بێت و له دژی فره‌ژنیش ناوه‌ستینه‌وه ،ئه‌ی ئه‌و ژنه پرسیار له خۆی ناکات ئه‌مه ئه‌بێته یاسا و به یاسا خۆی ئه‌کاته

پله دوو ،وه ئەبێ له داهاتوو دا ملکەچی ئەو یاسایه بێت .
هەموو هەول وخەباتی رێکخراوەکانی ژنان وکۆمەلگای مەدەنی پووچەل کرایەوە کە لە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسا بە بە پەرلەمان و دەسەلات لە دوای راپەرین .
بەلام کاتێک دەسەلات دەسەلاتێکی خێلەکی بوو هەر کات ویستی مەسەلە هەستیارەکانی کۆمەلگا وەک ئاین وەک وەسیلەیەک بەکار بهێنێت بۆ شەرعیەت دان بە پێشێلکارییە مرۆییەکان بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەلگا ، ئەنجامی ئەدات ،بەتایبەت لە سەر مافەکانی ژنان ،هەر کات دەسەلات ویستی ئەوە هەر ئەو پیاوە ئایینیانە ئەکاتە وە وەسێلە و منبەری مزگەوتەکان بەکار ئەهێنێت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی جا بە هەر جۆرێک خۆی ویستی ،ئەی پیاوانی کاتێک لەسەر مافەکانی ژنان دەنگ هەڵ ئەبرن بۆ لەبەرامبەر ئەو هەموو هەموو پێشێلکاری و گەندەلی و سەرۆک باندی لەشفرۆشیەکان و ئیستغلال کردنی ژنان لە لایەن بەرپرسەکان. ئێتا تانها چارەیە کە بکرێت فشار خستنە سەر دەسەلات و هەول دان بۆ هەلوەشانەوەی یاسای فرەژنی لەلایەن سەرۆکی هەرێم.